# لينين
# يه كى ئايار

## هاورێیانی کرێکار!

ئه مرۆ یه کی ئایاره ، ڕۆژێکه که کرێکارانی هه موو ووڵاتان یادی ده که نه وه له پێناوی ژیانێکی باشتردا ، یه کگرتن له خه باتیان دا له دژی هه موو توندوو تیژی یه ک و چه وسانه وه یه ک له ئینسانه وه بۆ ئینسان ، خه باتێک که ملیۆنه ها کرێکا ر له برسیێتی، ژێرده سته یی، له ژیانێکی کوله مه رگی ڕزگار ده کات.

له م خه باته گه وره یه دا دوو جیهان به ره و ڕوو ده بنه وه : جیهانی سه رمایه و جیهانی کار: جیهانی چه وسانه وه و کۆیله یه تی و جیهانی برایه تی و ئازادی.

له لایه ک، که مایه تی یه کی ده وڵه مه ندی مشه خۆر، که خاوه نی کارگه و دامه زراوه کان وئاله ت و ماکینه کانن. ئه مانه به قیمه تی ملیۆن ملیۆن هیکتار له زه وی و شاخ ئاڵتونیان کردووه به ملکی یه تی تایبه تی خۆیان، به بێ ڕه زامه ندی خه ڵک و به زۆر حکومه ت ده که ن وهێزه چه کداره کانیان خستۆته خزمه ت خۆیانه وه پاسه وانی دڵسۆز بۆ ده وڵه مه نده کان داده نێن بۆ که ڵه که کردنی سه رمایه کانیان.

له لایه کی تره وه ملیۆنه ها بێ به ش له هه موو سامانێک ، کار بۆ به رژه وه ندی ده وڵه مه ندان ده که ن و ده بێت شوکرانه بژێریش بن که ڕێگه یان پێ دراوه که کار بۆ ئه وان بکه ن. ئه مانه له ڕێگای کاره کانیانه وه خۆڵقێنه ری هه موو سه روه ت و سامانێکن و به درێژایی ژیانیان له شه ڕو کێشمه کێشدان بۆ به ده ست هێنانی پاروه نانێ ، ئه مانه ی داواکارانی کار وه ک داواکردنی خێرو سه ده قه وایه ، به پاڕانه وه بۆ به ده ست هێنانی کارێک . هێزیان و ته ندروستیان له کاری تاقه ت پڕوکێن دا سه رف ده که ن، ئه مانه ی هه رده م برسی ، له ناو دوکه ڵکێشی لادێکان و له ژێر زه مین و شوێنه تاریکه کانی شاره گه وره کان دا کار ده که ن.

ئه م کرێکاره بێ به شانه له هه موو سه روه ت و سامانێک شه ڕیان به ده وڵه مه ندان وچه وسێنه رانیان ڕاگه یاندووه. کرێکارانی هه موو ووڵاتان له خه باتدان بۆ ڕزگاری له دژی کاری کۆیله تی کرێ گرته، له دژی هه ژاری و نه گبه تی ، خه بات ده که ن بۆ ئه وه ی کۆمه ڵگا به شێوه یه ک ڕێک بخه ن که سه روه ت که له ڕێگای ده سته جه معی یه و ه به رهه م هاتووه ، هه موو ئه و که سانه لێ ی به هره مه ند بن که کا ر ده که ن ، نه ک بۆ که مایه تی یه کی ده وڵه مه ند . ده یانه وێت، زه وی و زاره کان ، کارگه و دامه زراوه کان ، ئامێرو ماکینه کان بکه نه خاوه نداریێتی گشتی بۆ هه موو ئه و که سانه ی که کار ده که ن . نایانه وێت چی تر هه ژارو ده وڵه مه ند بمێنێ ، ده یانه وێت به رهه می کار بگه ڕێته وه بۆ ڕێبوارانی ئێش و ئازار . کرێکارانی بێ به ش ده یانه وێت هه موو پێش که وتنێک که به هۆی کاری کرێکاره وه هاتۆته ئاراوه بخرێته خزمه ت و باشتر کردنی ژیانی ئه وانه ی که کار ده که ن، نه ک ببێته ئامێرێک بۆ چه وساندنه وه یان .

له خه باتی گه وره ی کاردا له دژی سه رمایه ، کرێکارانی هه موو ووڵاتان قوربانی یه کی زۆریان داوه ، له پێناوی به رگری کردن له مافه کانیان بۆ ژیانێکی باشتر و ئازادی یه کی ڕاسته قینه خوێنێکی زۆریان ڕشتووه . ڕاونان و چه وسانه وه ی خه باتکارانی مه سائیله کرێکاری یه کان له لایه ن حکومه ته کانه وه له ژماره نایه ن . به ڵام هاوپه یمانێتی کرێکارانی هه موو ووڵاتان سه ره ڕای چه وسانه وه له سه ریان به هێزو فراوان ده بێته وه . کرێکاران هه رچی زیاترو زیاتر یه کده گرن و ده چنه ناو ڕیزه کانی حیزبه سۆسیالیسته کانه وه . حیزبه سۆسیالیسته کان که ئه م خه باته یان له ئه ستۆیه ژماره یان ملیۆن

ملیۆنه و هه نگاو به هه نگاو ده چنه پێشه وه به ره و سه رکه وتنی یه کجاری به سه ر چینی سه رمایه دارانی چه وسێنه ردا.

پرۆلیتاریای ڕوسی ڕاپه ڕیووه بۆ ژیانێکی تازه و هاتۆته مه یدانی ئه م خه باته گه وره یه وه ، ئه و زه مانه به سه ر چووو که کرێکاری ئێمه زه لیل و ژێر ده سته بێت ، زنجیره کانی ده پسێنێت، چی تر نایه وێت ژێر ده سته بێت و تروسکاییه ک کاری زۆره ملێ به دی بکرێت ، سۆسیالیزم ئه م حه قیقه تانه ی سه لماندووه، به ره و لای ئاڵا سوره کان و ئه ستێره ی قوتبه کانی ، که هه زاره ها له جه نگاوه ران به ره و ڕوی هه نگاو ده نێن.

مانگرتنه کان کرێکارانی فێر کرد که به هێز بوون له یه کێتی یاندایه ، فێر بوون که چۆن وه ڵامی دژ بده نه وه ، پێی سه لماندن که کرێکاری ڕێکخراو چ مه ترسی یه ک بۆ سه رمایه دروست ده کات.

کرێکاران درکیان به وه کرد که چۆن له سه ر به رهه می کاره کانیان سه رمایه داران و حکومه ته که یان ده ژێنێت و ده وڵه مه ندیان ده کات . کرێکاران هاتونه ته مه یدان بۆ ده ست پێ کردنی خه باتێکی هاوبه ش ، به ره و ئازادی و سۆسیالیزم . کرێکاران تێگه یشتن که حکومه تی داپڵۆسێنه ری تزاری چ هێزێکی تاریک و کۆنه په رسته . کرێکاران بۆ ئه وه ی بتوانن خه بات بکه ن ئازادیان پێویسته ، به ڵام زنجیر کراوه ته ده ست و قاچیان . کرێکاران کۆبونه وه ی ئازادیان پێویسته ڕێکخراوی ئازادیان پێویسته، کتێب و ڕۆژنامه ی ئازادیان پێوسته ، به ڵام حکومه تی تزاری له ڕێگای زیندانی کردنه وه سه رکوت ده کات . با هه موو هیواکان و نوکی ڕمه کان بخه ینه گه ڕ به ره و ئازادی.

هاواری:<< بڕوخێ ده سه ڵاتی سه رکوت گه ر!>> هه موو ڕوسیای هه ژاندووه . ئه م هاواره له ناو شه قامه کانیش دا هه ر دێت و به هێز ده بێت ، له کۆبونه وه ی گروپه کرێکاری یه کان دا به هه زاره ها کرێکار ئه م هاواره ده ڵێنه وه . هاوینی ڕابردوو، هه زاره ها کرێکار خرۆشانیان ده ست پێ کرد که هه موو ناوچه کانی باشوری ڕوسیای گرته وه ، هه ستان به خه بات بۆ ژیانێکی باشتر، بۆ ڕزگار بوون له ژێر چه پۆکی پۆلیس ، بۆرژوازی و حکومه ت له ترسی کرێکارانی چه کدار که وتبونه له رزین، که له یه که م لێدانی دا هه موو پیشه سازی شاره گه وره کان وه ستا. ده یه ها که س له جه نگاوه رانی مه سائیله کرێکاری یه کان که وتنه به ر گوله ی هێزه کانی تزاری و شه هید بوون ، ئه و هێزانه ی که هاتبوون بۆ دژایه تی کردنی دوژمنی ناوخۆ {مه به ست کرێکارانی ڕاپه ڕیووه}.به ڵام هیچ هێزێک نی یه بتوانێت سه رکه وتن به ده ستبهێنێت به سه ر ئه م دوژمنه ی ناوخۆدا، له به ر ئه وه ی چینه ده سه ڵاتداره کانی حکومه ت له سه ر به رهه می کاره که ی، خۆیان ده ژیه نن. هیچ هێزێک نی یه له جیهان دا که بتوانێت کۆتایی به ملیۆن کرێکاری هۆشیار و یه کگرتوو بهێنێت. هه موو شکستێک ده بێته هۆی هۆشیار بوونه وه و ده رکه وتنی سوپایه کی تازه ی جه نگاوه ران ، شکسته کان جه ماوه ر ناچار ده کا ت هه ر چی زیاتر ڕاپه ڕین فراوان بکه نه وه بۆ ژیانێکی تازه و خۆ ئاماده کردن بۆ خه باتێکی تازه.

ڕوسیای ئه مرۆ شانۆی ڕوداوه کانی هه ستانی جه ماوه ری کرێکارانه که به شێوه یه کی حه تمی فراوان ده بێته وه و ده چێته پێشه وه . که وا له ئێمه ده خوازێ هه موو ووزه و توانامان بخه ینه گه ڕ بۆ یه کخستنی ڕیزه کانی پرۆلیتاریا، جارێکی تر خۆ ئاماده ده که یین بۆ خه باتێکی لێ بڕاوانه .

شه ڕ ده بێته هۆی ڕاپه ڕینی توێژه دواکه وتووه کانی پرۆلیتاریاو له سه ر مه سائیله سیاسی یه کان هۆشیاریان ده کاته وه ، شه ڕ گه نده ڵی یه کانی ڕژێمی داپڵۆسێنه رده خاته ڕوو ، هه موو تاوانباره چه په ڵه کانی ئه م بانده پۆلیسی یه و دزو جه رده کانی که حوکمی ڕوسیا یان کردووه ئاشکرایان ده کات. خه ڵکی ئێمه ئازار ده چێژن و له برساندا ده مرن و دووچاری شه ڕێکی بێ کۆتاییان کردوون له پێناوی داگیرکردنی زه وی و زاری خه ڵکانی تر که به هه زاره ها کیلۆمه تر له ئێمه وه دوورن . خه ڵکی ئێمه دووچاری کۆیلله تی سیاسی بوون و تووشی شه ڕێکیان کردوون بۆ ژێر ده سته کردنی خه ڵکانی تر.

خه ڵکانی ئێمه ده بێت ئه م ڕژێمه سیاسی یه ی ناوخۆ له ناو به رن ، ده بێت غافلگیری بکه ن و به هێزی چه ک کۆتایی به جیها نه که یان بهێنن.
به ڵام حکومه تی تزاری له سیاسه ته ترسناکه کانی زۆر واوه تر چووه ، تاوانی به فیرۆدانی سه روه ت و سامانی وولات و تاوانی به کوشت دانی گه نجه تازه پێگه یشتووه کان له به ره کانی پاسیفیک دا. هه موو شه ڕێک بارگرژی له ناو خه ڵک دا دروست ده کات ، به ڵام شه ڕی قورس له دژی ژاپۆنی شارستانی و ئازاد ، بارگرژی یه کی بێ ووێنه ی بۆ ڕوسیا دروستکردووه . ئه م بارگرژی یه له کاتێک دا خۆی ده سه پێنێت که پێکهاته ی دام و ده زگا داپڵۆسێنه ره کانی پۆلیس له ژێر لێدانی پرۆلیتاریای ڕاپه ڕیودا که وتۆته له رزین.
شه ڕ هه موو خاڵه لاوازه کانی حکومه ت ئاشکرا ده کات ؛ شه ڕ گفتارو قسه درۆزنه کانیان له ره گ و ریشه وه ده رده هێنێت ؛ شه ڕ گه نده ڵی ناوخۆییان بێ په رده ده خاته ڕوو ؛ شه ڕ کاره چه په ڵه کانی ئۆتۆکراسی تزاری به جێگایه ک ده گه یه نێت که له به ر چاوی هه موومان ڕوون و ئاشکرایه ؛ شه ڕ پێش مه رگی ڕوسیای کۆنی به هه موان نیشان دا ، له ڕوسیایه ک دا که هیچ مافێکی تیا نی یه ، دواکه وتوو سه پێندراو ، ڕوسیایه ک که ماوه ته وه له ژێر چه پۆکی حکومه تێکی پۆلیسی دا.
ڕوسیای کۆن ده مرێت ، له شوێنه که ی ڕوسیایه کی ئازاد په یدا ده بێت. هێزه کۆنه په رسته کان ، ئه وانه ی که ده سه ڵاتی ملهوڕی تزاری ده پارێزن له ناو ده چن.
به ڵام ته نها پرۆلیتاریای هۆشیاره ، ته نها پرۆلیتاریای ڕێکخراوه که ده توانێت گورزێکی کاریگه ر بووه شێنێت .
ته نها پرۆلیتاریای هۆشیارو ڕێکخراوه که ده توانێت ئازادی ڕاسته قینه له ڕێگای هێزی خۆیه وه به ده ست بهێنێت. ته نها پرۆلیتاریای هۆشیارو ڕێکخراوه که ده توانێت وه ڵامی ده ست به جێ و ده م کوت که ری هه موو مانۆڕێکی هه ڵخه ڵه تێنه رانه بداته وه که له دژی خه ڵک ده کرێت ، که ده یه وێت مافه کانی لێ بسته ندێته وه و که میان بکاته وه و بیکات به ئامرازێک به ده ست بۆرژوازی یه وه.
ها وڕێیانی کرێکار!
خۆتان ئاماده بکه ن ، به هێزو توانایه کی زۆره وه بۆ خه باتێکی لێ براوانه ی نزیک ماوه ! ده بێت پرۆلیتاریای سۆسیال-دیموکرات ریزه کانی خۆی یه ک بخات ! ده بێت پروپاگه نده کانیان هه میشه له فراوان بونه وه و به ره و پێش چوون دا بێت ! له کاتی ڕاپه ڕینه کان دا ده بێت داخوازی یه کرێکاری یه کان له به رژه وه ندی کرێکاران دا چاونه ترسانه بخه نه ڕوو! ده بێت له جه ژنی یه کی ئایاردا هه زاره ها له جه نگاوه رانی تازه به ڕیزی ئێمه وه په یوه ست بن و هێزمان دوو قات زیاد بکات له خه باتێکی گه وره دا له پێناوی ڕزگار کردنی هه موو خه ڵک دا، بۆ ڕزگار کردنی هه موو کرێکاران له ژێر ده سه ڵاتی سه رمایه دا.

بژی هه شت ساعات کار له ڕۆژێک دا !
بژی سۆسیال-دیموکراتی جیهانی شۆڕشگێڕ!
بڕوخێ ده سه ڵاتی ملهوڕی تزاری تاوانباری درِنده !

ئه م به یاننامه یه له ئاپریلی ساڵی 1904 دا، له گه ڵ هه ندێک گۆڕانکاری دا بڵاوبۆته وه.
ته ئکیدی ئه م دوو که وانه یه{ } هی منه، وه رگێڕ.

ئه م نوسینه ی هاوڕی لینیین وه رگیراوه له سایتی ئه رشیفی مارکسیسته کان له ئه نته رنێت ، به شی فه ڕه نسی یه که ی و له م لینکه ی خواره وه :-
http://www.marxists.org/fracais/lenin/works/1904/04/vil19040402.htm

وه رگێڕانی له فه ره نسی یه وه
هۆشیار قادر
2010/04/28

hoshyarkadr@yahoo.fr